
د. نەسرین فەخری


د. کەمال مەزهەر


م. جەمال بابان


م. فائق هوشیار


م. مەسعود محەمەد


د. پاکیزە رەفیق حیلمی

# دیداری ڕۆشنبیری

٧

## ئازاد هیدایەت دەڵۆ

### بەرگی یەکەم


ـەمیل ڕۆژبەیانی


م. شوکور مستەفا


د. موکەرم تاڵەبانی


د. زەنون پیریادی


م. خەسرۆ جاف


م. سەلاح سەعدوڵڵا


م. محەمەد مەلا کەریم


م. محەمەد سەلیم سواری


م. عەبدولرەزاق بیمار


د. کاویس قەفتان


د. فوئاد حەمە خورشید



مامۆستا مەسعود محەمەد

مێژووی تۆمارکردن ۱۹۹۷/۳/۳۱،۲٦

ماڵی خۆیان (بغداد/ حي الخضراء)

خوێنەری بەڕێز:

مامۆستا (مەسعود محەمەد)یش یەکێکە لە پیاوە ناودارەکانی میللەتەکەمان و خاوەن تاقی کردنەوەیەکی زۆرە لە ژیانی کوردەواری و سیاسەت و فەلسەفە و ئەدەب و مێژووی کورد، هەروەها پیاوێکی قسە خۆش و دەم بە نوکتە و خۆش گفتار، لە بیرکردنەوەدا بە دوای وەڵامی پرسیارێکی پێش بیست ساڵ لەمەوبەردا دەگەڕێ هەروەکو (د. کەمال مەزهەر)یش باسی کرد، بۆیە ئەمڕۆ بەبێ هیچ ئاگادار کردنەوە و خۆ ئامادەکردنێک وا بەرۆکمان گرتووە و ئەویش زۆر ئاساییانە بە دەممانەوە هات، جا با بزانین مامۆستا چی لە دڵایە... ؟

*** مامۆستای بەڕێز پاش بەخێرهاتنێکی گەرم زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم پێشوازییە و ئامادە بوونت بۆ ئەم مێزگردە؟**

- سوپاس بۆ ئەم موجامەلەیە ئەترسم ئەمەندەت هەڵبریم خەڵکەکە تێم نەگا....
ڕاستە من ئینسانێکم تێدەفکرم ئینسانێکم گوێ دەدەم بە ئەوە لوغەتە ئەوە ئەدەبە ئەوە فەلسەفەیە مەعلوماتی عامی دونیایە، بەڵام زۆر بەداخەوە زۆر بەداخەوە ئەوەی لە دڵمدایە و ئەوەی لە مێشکمدایە چونکە سەرچاوە زۆر کەمە لە وڵاتی ئێمە ناچارم پرسیارێکی کە ڕەنگە لە کتێبێکدا بە پێنج دەقیقە وەڵامەکەت دەست کەوێ من بە دوو ساڵ وەڵامی بۆ دەدۆزمەوە، ئەوەی باست کرد کە پرسیارێکی پێش بیست ساڵ کرابێت لە دڵمدا دەژی زیاتر سەبەبی ئەوەیە یارمەتیدەرم نییە ئەگەر کتێب هەبێ ڕێ خۆشکا لە جیاتی ئەوەی من بڵێم لە ساڵی کتێبێک دەردەچوێنم یان دوو کتێب دەردەچوێنم دەمتوانی چوار دەربچوێنم بە هەمە حاڵ ئەمە ژیانە و ئەمە وەکو دەرێن (حظ و نصیب)ە نەسیبی منیش کەوتۆتە با بڵێین غەریبی لە شەست و پێنجەوە تا ئێستا سی و دوو ساڵە من لە غەریبی دەژیم دابڕاوم لە ووراتی خۆم، بەڵام بە ڕۆح بە فکر بە هەموو ئاوات بە هەموو نەوعێک هەر لەگەڵ ئەولادا دەژیم بۆ ئەویش دەژیم ئەوەندی پێم کرابێ لەو ماوەیەدا چم لە دەسەڵاتدا بوبوێ چم زانیبێ چ قابیلی نەشر بێ نەشرم کردووە و دریغیم نەکردووە ئومێدیش دەکەم کە دریغی نەکەم.... گەیشتنیش بە مراد (مەطلەب) نییە لە ئینسان.. ئینسان هەوڵ بدا ئەوەندی پێی دەکرێت چاکە بکا و خراپە نەکا کە هەر چاکەشی پێ نەکرا وسکت بێ، کە نەیتوانی خزمەت بکا دەست بپارێزێ لە بێ خزمەتی. ئینشائەڵڵا یەعنی دوارۆژ چۆن دەبی و بە چ بگەین، ئیتر فەرموو چ دەفەرمووی لە خزمەتدام.

*** زۆر سوپاس مامۆستا جەنابت زۆر ناسراو و ناوبانگت هەیە لە وڵاتدا و لە ناو گەلی کورددا بە تایبەتی، بەڵام ئێمە ئەمانەوێ لە زمانی خۆتەوە بزانین مامۆستا (مەسعود محەمەد) کێیە؟**

- مامۆستا مەسعود محەمەد کێیە؟..! ئینجا وەرە کفنێک بۆ مەیتی خۆت بدۆزەوە (بە پێکەنینەوە)... وا باشتر بوو لە خەڵکت پرسیبا چونکە مرۆ هەرچەندە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵک ڕاست گۆ بێ دیسان زۆر شتی لاوەکی و دەروونی هەیە هی دەربڕین نییە، عەیب و عار هەیە وەکو جلکی شۆڕاو... ناخرێتە سەر ڕستە و شتی وا.

بەڵام بایی ئەوەی کە بتوانم خۆم روون کەمەوە من کابرایەکم دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە و ئەو عەقیدەیە و ئەو متمانە بە خۆ کردنە ئەگەر شتێکی بە عەقڵمەوە نەینووسێ

بە مەلایین خاترانە خۆ بە سەهو بردن هەرگیز بە لایەوە ناچم شتێک نالێم کە لە دەروونداا بە هەموو پێزانین و هەستمەوە باوەڕی پێ نەکەم نایلێم، خاترانە لای من نییە بەرانبەر بە ڕاستی، ڕاستی لە هەموو شتێک بە شەرەفترە لە ژیانی بەشەردا چونکە پیاو کە ڕاست نەبوو نرخەکانی تر بە پێنج دەرهەم دەفرۆشێ من کابرایەکم ئیمانم بە حەق هێناوە ئەو حەقەی کە خۆم بە حەقی دەزانم شەرت نییە ئەو حەقە بێت جەنابت یان یەکێکی تر باوەڕی پێ دەکات من ئیمانم هەیە مرۆ دەبێ لە قەدەری بەرەی خۆی پێ ڕاکێشێ و ئەوەندی لە ئیمکاندایە بە دوا ئیمکان بکەوێ ئیمکان بە قوربانی خەیالات نەکا.. من لە هەموو عومرم چی پێم کرابێ لە چاکەی خەڵک لە چاکەی وڵاتەکەم لە چاکەی کوردەواری ئەوەم کردووە و هەرگیز نەهاتووم چاکەیەکی بەر دەستی توانیبێتم بیکەم تەرکی کەم وە چاکەیەکی لەو گەورەتر کە لە هەندایە. جارەک ئەوەی لە ئیمکاندا ئەوە نەفەوتێ ئەوەی نامومکینە لێی گەڕێ بۆ زەمانە ئەگەر ئیمکان بوو بەسەر چاوان ئیمکان نەبوو خۆ ئەوەی کردوومە کردوومە ئەوی لە کیس نەداوم ئەو گوللە خۆڕا لە کیس چووە چونکە پێی ناوێرم... ڕمن بەلامەوە مرۆڤ سەر لە بەری لە یەک پلەدایە بەرانبەر ئەو نرخانەی بۆ مرۆڤی دادەنێی لە لای من هەر لە منداڵەکی لە ڕەحمی دایکی دایە تا ئەوەی فەیلەسووفە لە لایەن مرۆڤایەتییەوە هەمووی یەک بابەتن بەڵام لە ژیاندا یەک پایەی بەرزتر دەبێتەوە لەوی تر لە لای من نەک لەبەر سەروەت و هێز و دارایی و ئەو نەوعە شتانە نەخێر بە پێی ئەو ئیبداعەی کە وەدەس خۆی دەهێنێ و لە خەڵکی دەترازێنێ بایی ئەوەی لە خەڵک زیاترە بایی ئەوەی حەقی هەیە زێدە نرخ وەرگرێ ئەمما وەکو مرۆڤ سەر لە بەری مرۆڤایەتی حەقی.. ئ. .پارێزگاری کەرامەت.. حوریەتی تەفکیر ژیانێکی ئاسوودەیە. ئەو شتانە بۆ هەموو بەشەر بە لای منەوە حەقێکی (طەبیعی) و خودابیە کە ناکرێ و نادرێ خەتای من و تۆیە یاخود تێهەڵنایە بلێی دەرامەتەکە ئەوەندە نییە هەموو خەڵکی پێی ئاسوودە بێ، وە لەو قسمێکی زۆر لەو زوڵم و زۆرەی کە تووشی خەڵک دێت خەتای خەڵکەکەیە خەتای زۆردارە خەتای پیاوی خراپە خەتای جەردە و دز و درۆزن و ئەو کەسانەن وە ئیللا ئەوەندی کە هەیە و ئێمە دەیبینین لەو دونیایە بە شێ فەرەح نایێ و بەشێ خۆشی هەموو کەسێک دەکا بەڵام قسمێکی زۆری لە شەڕو شۆڕ و لە بێ باکی و لە مل هوڕی و لە گەلەک ڕووەوە بەشێکی زۆری داهاتی ئینسانی بە فیڕۆ دەڕوا بەشێکیشی لە بێ دادی و

له بێ عەدالەتی ناگاتە زاری فەقیر و هەژار.. هەزاران هەزار و ملیۆنەها خەڵک لە حەپسخانە ئەتلێنەوە بە بێ ئەوەی هیچیان کردبێ، خولاسە بە لای منەوە مرۆڤایەتی یەک قوماشە بەڵام من کە خۆم دروست نەکردووە بە کورد ئەوە کوردم هەڵبەت من کە کورد بم دەبێ بەر لە هەموو شتێک کوردایەتییەکە بکەم.

هەروەکو بەر لە هەموو دونیایەک من دەبێ ئەولادی خۆم بەخێو بکەم لە پاش ئەولادم ئەوجا جیرانەکەم لە پاش جیرانەکەم بەولاترەوە هەتا دەگەمە حدودی هەموو کوردەواری ئەوجا ڕێم دەبێ کە لەگەڵ غەیری کورد پیاوی چاک بم هەر وەک غەیرە کوردەکەش زۆر زۆر، زۆر زۆر بە درەنگەوە دەستی دەگاتە کوردەکە ئەگەر یارمەتییەکی کورد بدا با بڵێین زۆر هەنە هەر لێی دادەبڕێن هەر لێی دەکوژن، دوژمنی زۆرە لەو دونیایە من کابرایەکم لە ماڵی خۆم ئەو واریداتەی دێتە دەستم تا لە گیرفانمە هی خۆمە کە تەسلیمی داکی مندارانم کرد من پشکێکی بە هی خۆ دەزانم ئەوی تر ئێمە کە بڵێین سێ کەسین من سێ یەکێکم بە ساحێب حەق دەزانم بۆ خۆم دووەکەی تر بۆ دووەکەی ترە. من بە لامەوە دەرامەتی عێراق چەندە تەقسیمی هەموو عێراقییانی بکە من ئەوەندەم حەق هەیە. خارج قسمەتی ئەو دەرامەتە بە سەر هەموو عێراقیاندا چەند=دەردەچێ ئەوەندە حەقی منە، بەڵام ئەگەر زێدە خزمەتێکم کرد حەقمە لە بری ئەو زێدە خزمەتەی بژێوێکم بدەنێ کە بتوانم جارێکیتر زێدە خزمەت بکەم. زێدە خزمەت بە خۆڕایی نەڕوا کابرایەک... ڕەسامە ڕەسام نە گەنمت دەداتێ نە جۆت دەداتێ نە جلکت بۆ دروست دەکا نە نەوتت دەداتێ بەڵام فەننەکەی دەتبووژێنێتەوە تۆ دەبێ ئیبداعەکەی بایی ئەوە تقدیر بکەی کە ڕیشەی لە دەست وشک نەبێ مانای ئەوە نییە تۆ خەرمانت زۆر زل بێ ئەوجا لێی تێر بخۆی، تۆ ئەوەندی لە دەستت دێ ئەوەندە بکە بۆ میللەتەکەت. لەوە بەولاوە زێدە پارووییەکی کە تەقدیمی میللەتەکەتی دەکەی حەقتە مقابیل بەوە شتێک وەرگری هەتاکو بتوانی سەر لە نوێ ببەخشیت بەلای منەوە ئەو دونیایە.. چونکە تۆ لێم دەپرسی خۆم بۆت ئاشکرا بکەم.

*** بەڵێ، بەڵێ بێگومان ئێمە ئەوەمان دەوێ.**

-. . لە سنووری ئیمکاندا کە خۆ ئاشکرا کەم بەلای منەوە ئەو جیهانە کە سەرو بەری دیار نییە بڵێی ئەمە نیهایەتە و هەر هەتا ئێرە جیهانە و لەوە بەو لاوە جیهان نییە خۆ چ عەمری عەسکەری بە ملەوە نییە و ئەو جیهانە، لێرە بەو لاوە جیهان نەبێ بە لای منەوە

جیهان به چۆرێک له جۆرەکانی بێ نیهایەته هەره دووری و هەر نزیکی به ئەسڵ یەک ماکەوه نییه ماکی عالەمێکی سەد هەزار ملیۆن ساڵی دوور به سورعەتی تیشک جودا بێ لەگەڵ ئەو شتەی به دەستەوەیه که ئێستا قسەی من تەسجیل دەکا هەمووی یەک ماددەیە.. حەقائقی وجوود هیچ حەقیقەتێکی حەقیقەتێکی تر لەق ناکا من به پێی توانای خۆم له ماوەی سی ساڵ چل ساڵدا خەریتەیەکم دروست کردووه له زهنی خۆمدا بۆ هەموو کائینات. هەڵبەته. به تالآیی زۆر هەیه له لایەن مەعلوماتەوه بەڵام ئەو بەتالآییه هەر مەعلوماتێکی نوێ بێ به خۆیەوه دەگرێ یەعنی ڕەددی ناکاتەوه مادام حەقیقەته لەگەڵ ئەو شتانەی به حەقیقەتی دەزانم مێوانداری لێ دەکا و قبوڵی دەکا و دەبێته جوزئێک له پڕ کەرەوەی ئەو بەتالآییەی که جاران هەبوو. ئەمن خەریتەیەکی خەیاڵیم دروست کردووه بۆ هەرچی پێی دەڕێی وجوود ئەو وجوودەی که من هەستی پێ دەکەم هەر له ماددەیەوه هەتا (طەبیعەت) سروشت هەتا ئینسان به هەموو سەرو بەریەوه خەریتەیەکم بۆ دروست کردووه که هیچ لایەکی لایەکی تری تەنگەتاو ناکا پێی تەنگەتاو نابێ هەمووی یەک له یەکێ دەسەلمێنێ هەمووی گونجاون لەگەڵ یەکتر ئینجا ئەگەر لایەک لەگەڵ لایەکی تر نەگونجا من دەوکەمه فیکر و دەکەومه مشەوەشیەک هەتا ئەو نەگونجانه عیلاجێک دەکرێ یا من سەهوێکم کردووه و سەهوەکەی خۆم دەدۆزمەوه یا ئەو شتەی ناگونجێ ئەو به سەهودایه ڕەددی دەکەمەوه. من کابرایەکم ئیمانم به واقع هەیه موکابەره لەگەڵ واقیع شتێکی بێ مەعنایه خۆماندوو کردن به دوای موستەحیلات شتێکه دووره له عەقڵ، به تایبەتی که له خەڵکت داوا کرد به دوای موستەحیل بکەوێ تۆ ئەگەر بۆ خۆت هەوائی خەیاڵی بووی به دوای موستەحیل کەوتی تەیرێ له ئاسمان دەفرێ تۆ لەگەڵی دەفری بەڵکو ڕۆژێک له ڕۆژان.. دەی کەیفی خۆته فەقەت خەرک مەهاویه سەر ڕێگای موستەحیل تۆ دەتەوێ به برسێتی ڕابوێری داوا مەکه له خەرک خۆ برسی بکا تۆ حەز له جلی شڕ دەکەی داوا مەکه له خەرک جلی جوا. لەبەر نەکا، من ئینسانێکی واقعیم میولی بەشەر که هەیه دەبێ حورمەتی بگیرێ تۆ ناتوانی بسەپێنی بەسەر خەرکدا دەبێ هەمووی کاک ئەحمەدی شێخ بێ یا هەمووی مەلائیکەت بێ هەڵبەته ئەو غەرائیزانەی له ئینساندا خوڵقاوه ئەو غەرائیزانه داوای شتی زیاد دەکەن داوا دەکەن له خەرک زیاتر بن زۆر جاران ئینسان داوێته سەر ڕێی جەریمەئەڵبەته ئەوانه مەرفووزن به

شکڵێکی بنەڕەتی بە لای منەوە ناشێ من چاو بپۆشم لە کابرایەکی هەرچونکە زۆرداره دەتوانێ جەریمە بکا من بڵێم وەڵڵا من چی بڕێم؟ ئەوەندە نەخێر بە لای منەوە ئینسانی دەسەڵاتدار کە جەریمەی کرد گەلێک گوناهبارترە لەوەی بێ دەسەڵاتە تۆ زۆر جاران ئینسانی بێ دەسەڵات ساڵێک و دوو سێ و چوار زوڵمی لێ دەکرێ، هەتا ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتەقێتەوە، ئەمما ئەوی زۆرداره هەموو ڕۆژێک دە جاران سەد جاران شتی قۆڕ دەکات من بەلامەوە زۆردارەکە گوناهبارترە لە بابایەکی کە دەسەڵاتی کەمە... لە نموونەی ئەو قسانەی کە تازە کردم من شتێکت لۆ بگێڕمەوە لە ساڵی نەوەت بوو نەوەت و یەک بوو ئەو هەڵاتنەی هەڵهاتین من گەیشتمە ورمێ. جا لە ورمێ جەماعەتی سروە گۆڤاری سروە ئینسانی زۆر ڕێک و پێک بوون سەرۆکەکەیان سەرۆک نووسەریان (ئەحمەدی قازی) بوو لە جەماعەتی «قازی محەمەد» بوو. پێشەوا بە ڕاستی ئینسانی تەواو ڕێک و پێک و دوو جاران چوومە لایان جا لە جاری دووەم (مەوضوع) کرانەوە ئەمن بە بەرەوە نیشتم ئیتر برۆ لە بۆ ئەزەل و ئەدەب و (مطلەق) و چی و (ئەبعادی اربع).. (خلاصە) گەلەک بەو لای (مواضیعی) ئیعتیادییەوە ڕۆیشتم ئەحمەدی قازی پاش قسەکانم گوتی (ئەرێ فلان ئەتۆ کە بەو شتانەوە مەشغوولی بی چۆن بۆت ئەکرێ کوردایەتی بکەیت؟)

وتم: کاک ئەحمەد چونکە ئەمن قەناعەتەکانم و باوەڕەکانم بەند بێت بە (موطلەق)ەوە (موطلەق)یش گۆڕانی بۆ نییە لەبەر ئەوە کوردایەتییەکەی من مەوسمی نییە ڕۆژێکیان کورد بم و ڕۆژێکیان نیوە کورد بم و ڕۆژێکیان شوعی بم و ئیتر نازانم من هەر کوردم چونکە (ئیرطباطم) بە (موطلەق)ەوە هەیە، وتم تەنها یەک شتت پێ بڵێم ئەگەر زانیم نەتەوەیەک لە دەست کورد مەغدوورە من لای نەتەوەکەی ترم کە بزانم ئەویان مەغدوورە من لای مەغدوورەکەم ئەوە شتێک لە تەجرەبەکان بوو.. یەعنی.

*** مامۆستا گیان جەنابت بێگومان لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوی لە شاری کۆیە و کوڕی مەلای گەورەی کە بە ناوبانگە ئەگەر شتێکمان لە بارەی باوکتەوە بۆ باس بکەیت؟**

– کاکی خۆم ڕاستییەکەت پێی بڵێم ئەوەتا باوکی خۆمە ڕەنگ نییە هەموو شتێک لە بارەیەوە بڵێم چونکە ڕەنگە حەمل بکرێتە سەر کە باوکی خۆمە بۆیە وا دەرێم فەقەت پێم بڕوا بکە بە هەرچی موقەددەس و نازدارە ئەوەی دەیرێم گەلەک کەمترە لە حەقیقەت.

*** بەڵێ فەرموو.**

- ئەو پیـاوە شـتـێک بوو ئەوەتا کـۆن و لە وڵاتی چۆڵی بێ (صـاحـێـبی) وەکـو کوردستانەکەی خۆماندا دەژیا وە ئیللا بڕوا بکە بڕوا بکە کابرایەک بوو (تەصەور) بکە (محەمەد عـەبدە)ی میـسر کـە مەشهـوورە بە ئینسـانێکی مـوجەددو نازانم چی گـەلەک ئیعـتزازی هەبوو باوکم لێی کە لە تەفسیری خۆی دەنووسی دەرێ لێرەدا موجەددی میـسر کۆڵی دا نەیوێرا قسە تەواو کا.

(محەمەد عـەبدە)ی میـسر... مـوفەسیری گەورەی عـەرەبی ئەوە بوو لەگەڵ (جەمال الدین)ی ئەفغانی بە یەکەوە بوون

*** بەڵێ وابوو.**

- بەڵێ بابم ئیـمانی بە حەقـیقەت و بە (مـوطلەق) و بە ئەو شتـانەی کە ناگۆڕێن وەکو تازە لە بارەی خۆمەوە شتەکم عـەرز کردی تەبیـعی ئەو ئـەولاتریشـەوە، ترس لە وجوودیدا نەمابوو بەرانبـەر حەقـیقـەت ئەوەی بە ڕاستی زانیبا ئەوەی لەسـەر زاری بوو جا هەر ئەو دەیزانـی قـسـە چۆن بکا ئەو دەیزانی (فـەصـاحـەت) و (بەلاغـەت) چیـیـە... وەتۆ (تەصەور) بکە لە زەمانێکدا کە ئافرەت بە عـەورەت حسێب بوو بابم.. یەکەم کەسە لە وڵات کـە کچ و خـوشک و خـێـزانی خـۆی لەگـەڵ خـۆی لە سـەری سینـی دابنێ لە بـۆ نان خـواردن دەنا پێش ئەو لە زەمـانی ئەو کـەسێک نەدەهات کـچێک نەدەهات لەگـەڵ بابی دانیـشـێ و نان بخـوات، ئەوە وەڵڵاهی سـوێند دەخـۆم بە قـەبری باوکم ئەو پیـاوەی کـە خزمەتی دەکرد ڕۆژێکیـان مەجبووری کرد لەگەڵمـان دانیشێت دوو سێ لوقمە نان بخوا کە سینی هێناوەتە بەر دەستی ئاخری گوتی (قوربان بە خودای پارووەکە ناچێتە خوارێ..) جا وتی کوڕم ئەوە ئارەزووی خۆتە فەقەت مەجبووری کرد کە لەسـەر سینی دانیـشـێ لەگەڵ من و لەگەڵ دایکم ئینسانێک بوو ئیمانی بە ئینسان هەبوو ئیمانی بە خوا هەبوو ئیمانی بە حـەقـیـقـەت هەبوو ئیـمـانەکـەشی عـیـلمـێکی زۆری لە پشـتـەوە بوو (بەلاغـەت و فـەصاحـەت)ێکی یەکجار زۆری لە دواوە بوو جورئەتێکی لە حەد بە دەری بە دواوە بوو. شتێکت لۆ بگێڕمەوە

*** فەرموو**

- لە زەمانی ئینگلیزەکان جەماعەتێک ئینگلیز دێن دێنە کۆیە جەمیل ئاغا قائمقامە لە مـاڵی قـائمـقـام جـەمـیل ئاغـا نیـوەڕۆ نان دەخـۆن ئەو ئینگلیـزانە و بابیـشم لەوێ

لەگەریانە، بابم ئەحواری حاکم سیاسییەکی کۆن دەپرسێ ئەو دەرێ ئێستا لە کوێیە؟ ئەو کابرایە ئێستا کەوتۆتە کوێ؟ پیاوێکی باش بووە.

– ئەحواڵی، پرسیوە.. گەورەکەیان لە ئینگلیزەکان وتبووی لە ناو ئەو قەومە بێ ئەقرانەی هیندستانە کە دەرێن خوا چۆتە زگی گاجوت، گاجوت دەپەرستن.

(تەصەور) بکە بابم چی پێ برێ، جا بە عەرەبی قسەیان کردووە دەڵێ: (بطن الثور اوسع من بطن مریم) چونکە مەسیحییەکان دەڵێن خوا چۆتە ناو ورگی مریەمێ جا مامم گێڕایەوە وتی: خوا دەیزانێ پاروو لە دەستییان ڕەق بوو فەقەت نەیانوێرا هیچ قسەک بکەن، ئەو دیفاعەی لە هندییەکان کرد بەرانبەر بەو ئینگلیزانەی کە مالیکی حەیاتی خەرکەکەن. وتی (بطن الثور اوسع من بطن مریم) ئەوە قسەی جەنابی مەلایە بە گەورەی ئینگلیزەکانی وتووە، جا لەو بابەتانە چی برێی (تەصەور) ناکرێ یەعنی...

– هەر لەو پیاوە وەشاوەتەوە.

– کاکە ئەوەی لۆ جەنابی مەلا دەرۆیی لۆ کەس نەدەرۆیی ئەو قسەی.. با حەکایەتێکی ترت لە بۆ بکەم.

*** بەڵێ فەرموو.**

– «مەلیک فەیصەل» ئاخر سەفەری کە هاتە هەولێر ساڵی سی و سێ سی و دوو بوو شتێ وابوو من ئەو سەفەرە لەوێ بووم.. لە دەعوەتێکدا مەلیک فەیسەڵ گوتی کوردانە بخۆین کە من لە وێ نەبووم فەقەت مەلیک فەیسەڵ و مەلیک غازی و سەید صەدر و ڕەئیس وزەرا، لەو لایەش مەلا فەندی و بابم و دوو ئەشرافی هەولێرێ (عەلی پاشا و حاجی رەشید ئاغا) ئەو هەشتە کەوتنە سەر سینییەک کە من ئاگام لێ نییە لەوێ چ دەرێن بە دواییا زانیم قوربان گلەییەکی لە مەلیک فەیسەڵ هەبوو.

*** بابت؟**

– بەڵێ بابم. کە دادەنیشن بۆ نان خواردن مەلیک فەیسەڵ بەعزێ قسەی پەندانێز دەکا لە برایەتی و لە ئولفەت و سوحبەت و کوردایەتی و برایەتی و عەرەبایەتی و عێراقیێتی و ئەو شتانە بابیشم هەندەک خۆ دەگرێ قسەکان نەختێک درێژ دەبنەوە قسەکانی پێ دەبڕێ و دەرێ: (جەلالەت الملک ئەوەی ئەتۆ دەیفەرمووی هەموومان دەیزانین، بەڵام دەزانین چ فائیدەیان نییە لەبەر ئەوە ڕجا دەکەم با نانەکەی بخۆین با سارد نەبێتەوە).

مەلیک فەیسەڵ وسکوت بوو دەستی کرد بە نان خواردنێ ئەوێ ئەو ڕۆژەی ئەو تۆڵەی لێ ستاندەوە کە گلەییەکی لێی هەبوو، چونکە ئەو قەول وابوو بێتە کۆیە دەرس لای باوکم بخوێنێ نەهات، ئەوەی لەسەر حسێب کرد بە... بەبێ شەرتی چونکە بابم لە مەجلیسی تەئسیسی بوو مەلیک فەیسەڵ پێی گوتبوو ئەمن... (انت اعلم من علماء العربية بالعربية) بە بابی گوتبوو، وتی دێم لە کۆیە سێ مانگ دەرس لە کنت ئەخوێنم (استكمل معلوماتي في العربية وفي العقيدة) ئینجا کە بابم گەڕایەوە کۆیە مەلیک فەیسەڵ سێ هەزار ڕوپیەی نارد کە جێیەکی لۆ تەرتیب بکەن تێدا بژی بابم بۆی تەواو کرد لە پارەی خۆی جێگایەکیان لە مزگەوتی «حاجی مەلا سەعدون» ماڵی خۆمان کرد بە ئیحتفالات نیهایەتی هات و حکومەت هات و چی هات کە مەلیک دێتە ئێرە دوایی مەلیک فەیسەڵ نەهات دوایی کاغەزی نووسی کاغەزی ئیعتزار چەن کتێب و هەدیە و شتی وای لەگەر ناردبوو، ئەوەی لە دڵی مابوو کە بێ وەعدی کرد لە حەقیقەتیشدا کە مەلیک فەیسەڵ لەبەر چی نەهات وەکو من بزانم نەمپرسیوە فەقەت ڕەئی خۆم ئەوەیە ئەو دەمە میشکلەی ویلایەتی موسڵ لە گۆڕێ بوو ڕێی بەینی کۆیە و هەولێریش ئۆتۆمبیلی نەبوو ئەو دەمە مەلیک فەیسەڵیش لەبەر ختورەتی ولایەتی موسڵ سەفەرەکەی نەکرد بە قەناعەتی من ئەوها بووە یەعنی... فەقەت بابم هەر لەسەری حیساب کرد تا ئەو ڕۆژەی ئەو تۆرەی خۆی لێ ستاندەوە جا ئەوە هەر بە مەلای گەورە دەکرێ قسەی وا بە مەلیک برێ و مەلیک لێی بسەلمێنێ و دەنگ نەکا.

*** بەڵێ بێگومان زۆر گەورەیە.مامۆستا گیان پەیوەندی مەلای گەورە لەگەڵ گەورە پیاوان بە وێنەی (مەلیک فەیسەڵ) هەر وەکو فەرمووت و (جەعفەر عەسکەری) و زۆری تر ئەگەر کورتەیەکمان لەم بارەیەوە بۆ باس بکەیت؟**

- ن... پەیوەندی باوکم ئەوا شتێکم گوت لە عیلاقەی بە (مەلیک فەیسەڵ)ەوە لە دوای گەورە پیاوانی ئەوسای ٢٤ و ٢٥ و دوایی تر بە دەرەجەی یەکەم لەگەڵ (جەعفەر پاشای عەسکەری) بوو، لە دوای ئەو (یاسین پاشا) بوو، وە(ڕەشید عالی) بوو ئیتر لەو بابەتانە لەو مستەوایەتە دۆستی زۆر بوو کاغەزیان دەهات خاسەتەن لەگەڵ جەعفەر پاشای عەسکەری چونکە بە کوردیش قسەیان دەکرد.

*** ببورە مامۆستا جەعفەر پاشای عەسکەری خۆی کور[illegible]وو؟**

- بەڵێ کورد بوو خۆی لەگەڵ باوکم هەر بە کوردی قسەی کردووە کە دەعوەتی دەکرد جەنابی مەلای هەر تێدا بووە، ڕۆژێکی پێی دەڕێ وەرە جەعفەر تۆ یا دەعوەتم مەکە یا ئەگەر دەعوەتم دەکەی کوردانەم دەعوەت بکە و بە تەنیاش دەبم دادەنیشین کوردانە چار مشقی بە دەست و بە ئازانم چی بە ئارەزووی خۆمان نان دەخۆین دەنا نایەمە سەر دەعوەتی تۆ، جا لەوە بەولاوە جەعفەر پاشا لە ماوەی هەفتەیەک (١٠) ڕۆژێک دەعوەتێکی بۆ کردووە و بە یەکەوە بوونە و ئیتر بە جلکی کوردانە و بە نازانم چی و بە تەبیعەتی کوردانە نانەکەیان خواردووە لەگەڵ جەعفەر پاشا زۆر نزیک بووە یەعنی تەبیعەتیان و ئەخلاقیان یەکتریان خۆش ویستوە، هەتا ئەو دەمەی کە بەغدا بەجێ دەهێڵێ بابم جەماعەتێک بە ڕێی دەکەن لە مەحەتەی (باب الشیخ)ە (باب المعظم)ە چییە.

*** شەرقی بەغدا.**

- بەڵێ بە قیتار کە دەڕوا لە بۆ کەرکوک لە گەورە پیاوانی بەغدا و حکومەت و شتی وا یەک لەوانە

جەعفەر پاشایە... کە تەوقەیان لەگەر دەکا لە ویداع ئەو قسەیە دەکا قسە کە دەڕێ: (جئت بغداد وانا اشعري) ئەشعەری یەعنی (سوننی) و (اترك بغداد وانا جعفري) جەعفەری هەم بە مەعنای ئەوە دێت (شیعە) و هەم بەمەعنایەکی کە (محببی) جەعفەر بوو، جا دەستی ماچ دەکا جەعفەر پاشا. لەگەر یاسین پاشا هەروا دۆستایەتییەکی زۆریان هەبوو هەتا ساڵی ٩٣٤ بوو یا ٩٣٣ بوو... یاسین پاشای هاشمی با برێین هاتە (کۆیە) لەگەر (ڕەشید عالی و ئەمین زەکی بەگ) و یەک دوو وەزیری تریش، جا ئەوە من لە بیرمە کە ئەوان هاتنە کۆیە بەڵام کە لە (مجمع) بووم (ئەحمەد شەوقی حوسەینی) هەبوو دۆستی مەلیک فەیسەڵ لێ یەکەم بوو لەگەڵی هاتبووە عێراق وەختی خۆی لە سووریاوە.

*** بەڵێ ئەمە لە چ ساڵێک؟**

- ئەوەی کە دەیگێڕمەوە ئەمن لە کۆڕ کە (عضو) بووم ئەو وەختە وەکیلیش بووم وەکیلی ڕەئیس بووم دەهاتە لام ناو ناوٚ، ڕۆژێکیان لەو ڕۆژانە هاتە لام (دکتۆر کەمال مەزهەر)یش لەوێ بوو، گوتی ئەگەر لە بیرت بێ ئەو جارەی کە (یاسین پاشا و ڕەشید عالی) و ئەو جەماعەتە هاتنە کۆیە بە (خصوصی) بۆ دیداری باوکت هاتم جا ئەو وتی

منیشیان لەگەر بوو بە خسوسی لە بۆ دیداری باوکت هاتم، جا من لە بیرمە رۆژی پێنج شەممە بوو سبەینێ جومعە دەبوو جوابیان لە بۆ بابم نارد کە سبەینێ دێنە جومعە جومعە دەکەین فەقەت دەبێ خۆی خوتبە بخوێنێتەوە چونکە خوتبە و شتی وای تەسلیم برای خۆی کردبوو مامم ئەو خوتبەی نە ئەدا جا بۆ سبەینێ کە دائیرەی وەزارەت و هەمووی هات و ئەو عالەمەی (کۆیە)ش هەمووی لەسەر بانان هەمووی تەماشای ئەو دونیایەی دەکرد و واتە سادفی کرد (شەهاب)ی هەولێر کە دەنگەکی ئاسمانی هەبوو قورئانی دەخوێند وەکو (شێخ محەممەد رەفعەت) ئەو قورئانی خوێند و خوتبەی جەنابی مەلای نوێژەکەی شتێک بوو هەردەم باسی بکەی، وەختێک کە لە نوێژ بووەوە دێتە دەرەوە لە حەرەمی مزگەوت حکومەت (رەئیس وزەراء) و جەماعەت رێزیان لە بۆ بەست ئەو بە ناویاندا تێپەڕی ئەوجا بە دوای کەوتن هاتنە دەرێ وەکو تەڵەبە لە دوای دەرۆیشتن خوا دەیزانێ.

## ئەڵقەی دووەم

*** مامۆستا گیان ئەڵقەی رابردوو باسی جەنابی (مەلای گەورە)مان دەکرد بۆیە حەز ئەکەین هەر لەوێوە دەست پێ بکەینەوە.**

- بەڵێ... وەزعەکە ئاوها بوو یەعنی ئەوانە عیلاقەی زۆری هەبوو هەتا جارێکیان لە ساڵی ٩٣٩ لە هەولێر باوکم گەیلانی نەبینی یەعنی گەیلانی رەئیس وزەرا بوو، جا من سەفەرێکی بەغدام هەبوو ئیشێکم هەبوو باوکم بە (رەشید عالی) گوتبوو فلانی کوڕم دێتە بەغدایە ئیشی پێتە جا نەیگوتبوو (يجي ابن اخوی) وتبووی (يجی عند اخو) بە خوا پێشم نەکرا بچم.

ئەوان هەموویان باوکمیان دەناسی و هەموویان کاغەز و هەتا دیاری کتێب و متێب و شتی واشیان دەنارد لۆ بابم ئەغڵەب کتێبی ئەوەی کە دەگمەن لە مەکتەبەکەی ئێمەدا بەداخەوە ئەویش سووتا... لەو دیارییانەیە کە خەرک لە جێیان بە دەستی دەکەوێ بۆ بابمیان دەنارد.

لە گەورە پیاوانی کورد کەس نەبوو کە بابم نەیانناسێ رەنگە بەعزێکی نەدیون فەقەت هەن ناسیاوی بوون و وەدەزانم پیاوێکی وەکو (شێخ مەحمود) کە لەساڵی ٩٣٥ هاتمە بەغدا لە خزمەت مامم تازە لە سنفی یەکی متەوەستە دەرچووم بۆ دوو، شێخ مەحمود

دوور خرابوەوە لە بەغدا بوو چووینە خزمەتی بە خودای بە نەوعێکی جەنابی مەلای ئەحوار پرسی کە من درم نایە قسەکانی ئەو بکەمەوە لەبەر حورمەتی خۆی بە سەری تۆ.

*** بەڵێ، بەڵێ راست ئەفەرمووی.**

- بە گۆڕی بابم یەعنی قسەکانی ناکەمەوە خوا دەیزانێ ئیتر خەڵکەکە هەموویانی دەناسی و مەلای گەورە شتێ بوو جێی شوبهە نەبوو هەڵبەتە بەعزێک ناحەز هەبوون بەڵام ئەو دەمە نەیاندەوێرا

هیچ بڵێن!..

یەعنی هیچ برێن و یان قسەیەک بکەن یان یەعنی ئیعتـرازی خۆیان بکەن، ئەوی دەیگوت خەرکەکە قبوولی دەکرد، چونکە ئەو خرافات و مورافات و کە ئەو لە شیعری خۆیدا رووت و ڕەجالی کردووە خۆ زۆر کەس پێی ناخۆش بووە فەقەت نەیاندەکرد لەوەی دەری ببرن، هەر لەبەر هەندێ ئەگەرچی بیانگوتبا ئەو پەنجا دەلیلی هەبوو وسکوتیان بکات.

*** مامۆستا وەکو زانراوە جەنابت سێ بەرگت لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) نووسیوە. ئایا هیچی تری ئەو زاتەتان لا نییە؟**

- کاکی بابەی من کە حاجی قادرم هەڵبژارد، نەک هەڵبژارد بە حەقیقەت کۆڕ داوای کرد لێم کە لەسەر حەیاتی (حاجی قادر و نالی) بنووسم ئەو دەمە من لە کۆڕ بووم هەر چی ئەسبابی تەواوی هەیە لە کۆڕ لەبەر دەستی خۆم بوو مەتبەعەم لە تەنیشت بوو هاتوچۆم بۆ کۆڕ بوو مەعاشم لە کۆڕ بوو، مەواردم لە کۆڕ بوو سێ جوزئم لەو فەترەیە نووسی دەوری (١٢٠٠ هەزار و دووسەد) سەحیفەیە تا ناوەڕاستی یاخود تا نیهایەتی مانگی پێنجی ٩٧٨ من عەلاقەم نەما لەگەڵ کۆڕ، ئیتر ئەگەر من بمەوێ جوزئی سێیەم... جوزئی چوارەم و پێنجەم چونکە من بە تەما بووم پێنج جوزء دەربچوێنم، جوزئی چوارەم حەیاتی لە ئەستەمبوڵ و لە تورکیا، جوزئی پێنجەم هەڵبژاردنی ئەو بەیتانە و ئەو قەسیدانەی کە رۆحی حاجی قادری بە دەر دەبەخست کە عەبقەریەتەکەی لەوێ بە دەر دەکەوێ، چونکە شاعیر هەمووی ئەو شتەی دەیرێ هەمووی لە یەک مستەوادا نین بەعزێ جەوهەرەکەی نیشان دەدا جەوهەری شاعیرەکە نیشان دەدا بە تەما بووم شەرحێک لەو بەیتانە بکەم کە جەوهەری حاجی قادر پیشان ئەدا فەقەد دوای ئەوەی کە من لە کۆڕ

نەمام دوای ئەوەی ئەمن مەجبوورم خۆ بژێنم، ئەمن بە نووسین خۆ دەژێنم من ئەگەر بچم حەیاتی حاجی قادری لە ئەستەمبوڵ و لە تورکیا بپشکنمەوە دەبوایە سەفەری لۆ بکەم ئەو وەختە لە کۆڕ بووم بە مەسرەفی کۆڕ لەوێندەرێ ئیتسالم بەهەر جیهەتێکو کردبا بە شکڵێکی ڕەسمی وەریان دەگرتم ئیشەکەم لە بۆ سەهل دەبوو، ئێستا من لەو وەزعی ئێستا کە تێیدام کە من بە نووسین دەژیم مامۆستا بە نووسینیش دەژیم نەک بە نووسینی عێراقم بەو نووسینانەی کە لە خارجی عێراق لە بۆم نەشر دەکرێت کە یەکێک لەوان ئەمەیە... یەک لەوان ئەمەیە.

*** بەڵێ (پەرژینی بێدەنگی)**

- پەرژینی بێدەنگی ئاخر شتە کە تەبع بووە لەوێ میقدارێکی ڕێک و پێک و موحتەرەم لە پاداشت دەنێرن وەکو ئێرە نییە ئێستا بڕێین (١٠٠٠٠) دەهەزار دیناریان داباڵم دەکا چی؟ دە هەزار دینار... ناکا هیچ.

ئەو کە (٥٠٠) دۆلارم بۆ بنێری یان (١٠٠٠) دۆلارم لە بۆ بنێرێ شتێکە لە خەیاڵاتدایە، ئەمن بە ئەوە دەژیم ئێستا چۆن دەتوانم بچمە تورکیا و مانگ و دوو مانگ و سێ مانگ بگەڕێم لەو کائیناتەی بە دوای خەبەراتی حاجی قادری بە دوای دەسنووسێکی، لە ئیمکاندا نییە مامۆستا.

*** بەڵێ ڕاست ئەفەرموویت. مامۆستا شیعرەکانی (نالی) بێگومان لێکدانەوە و تێگەیشتنیان زۆر زەحمەتە بەڵام وابزانم جەنابتان شارەزاییتان لەم لایەنە زۆرە و بە ئاسانی گرێ کوێرەی شیعرەکانی (نالی) تان بۆ دەکرێتەوە حەز ئەکەین لەم ڕووەشەوە کەمێکمان بۆ بدوێی؟**

- بە قسەی خۆت کەمێکت بۆ دەرێم چونکە بۆ دواکەوتنی گرێ کوێرەی شیعرەکانی نالی نیهایەتی نییە بە حەقیقەت نالی ئوستادێکی زێدە ئوستادە لە فەننی شیعر، نەک هەر ئەوە وەکو (نازم) نەخێر وەکو ئینسانێکی لە دەروونیەوە ئاگر دەروێ وە لەو جێیانەی کە عاتفەی بژوێ ئاگر بارانێکت لۆ دروست دەکات لە تەسەوردا نییە وەکو ئەوەتا شیعرەکەی:

«قوربانی تۆزێ ڕێگەتم ئەی بادی خۆش موروور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور»

جێی وای تێدایە ئاگر لە پیاو بەردەدا، پێم بڕوا بکە ساڵی ٩٤١ داخلی ٩٤٢ دەبووم لە زستانێدا ئەمن لە بەغدا تەلەبەی یەکی حقوق بووم شەوێک لە شەوەکان لە ژووری خۆم ئەو «قوربانی تۆزێ ڕێگەتم... »

ئەمەم خوێندەوە پێم بڕوا بکە پڕ بە دڵ گریام، پێم بڕوا بکە.

*** ڕاست ئەفەرموویت، بڕوات پێ دەکەم.**

- وەهای هەژاندم خاسەتەن دوور بووم لە وڵاتی خۆمەوە ئەوەڵ ساڵ بوو کە دوور دەکەوتمەوە پڕ بە دڵ گریام

«لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عوبوور»

ئەوە بوو خوا عافت کات نالی.

نالی ئوستادێکی لە حەد بەدەر ئوستادە تەنانەت لە مامۆستایەکی ڕێک و پێکم بیست کە لە ئێران ئەو قەسیدەی بۆ ئێرانییەکان خوێندۆتەوە بۆ فارسەکان کە بە فارسی داناوە، ئینجا قەسیدەیەکی وای داناوە هەمووی شەش حەوت بەیتە بەڵام ئەوان گوتبوویان ئەمە لە فارسان ئوستادترە لە فارسی ئەوەی ئەو شیعرەی داناوە پتر پتر لە زانای فارسیان...

*** زاناترە**

- ئا لەوانی تر نەء..نەء لە شوعەرای فارسی بەڵێ جا شتێکی زۆر عەجایەبی کردووە، نالی بەعزێ لە شیعرەکانی دەگاتە حەددی ئیعجاز بە ڕاستی تێگەیشتنەکەشی نەک هەر بە مامۆستایی تێی دەگەی گەلێک جاران مامۆستایی بەشێ ناکا، ئەگەر (هۆشی منت) یان عەقڵی باتنت ڕێت نەدا لە دەروونندا بیکوڵێنی چونکە زۆر جاران دەروون یارمەتی عەقری واعی دەدا بۆ کردنەوەی ئەو گرێ بچووکانەی لە بەخەبەریدا تۆ پێی ناوێری، دەروونت لە بۆت حەل دەکا من بەیت هەبووە (٣٠ سی) ساڵ لێم گرێ کوێرە بووە سی ساڵ ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خۆڕا دەکرێتەوە فەقەت چی کرانەوەیەک؟ لە میسالدا بۆت برێم لە باسی بەهار دەرێ:

«لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ و گوڵچەهرە تێکەڵن
یەک ڕەنگ و موتتەحید بە دڵ ئەمما بە تەن جوێ»

یەعنی لەو ڕۆژی وا خۆشی بەهار کە گوڵ لەگەڵ گوڵچەهرە کچی جوان تێکەڵن لە دەشتەکە یەک ڕەنگن یەعنی هەردووکیان وەک یەک جوانن، یەک ڕەنگ و موتتەحید بە دڵ ئەمما بە تەن جویّ ڕەنگیان وەکو یەک جوانە بە دڵیش موتتەحیدن یەک دڵیان هەیە فەقەت لەشیان جودایە ئەو گریّ گچکەی موتەحید ئەمن لە پاش سیّ ساڵ لە خۆوە لە بۆم کراوە شەرحی... هەر کەسێکیش شەرحی کردووە نەیزانیوە ئەمن ئەم ساڵ لە بۆم کرایەوە ئەویش چۆن لە چ لایە لە فەنی ئیستخدام کە پێی دەرێن (ئیستخدام) گوڵ و گوڵچەهرە تێکەڵن یەک ڕەنگن هەردووکیان جوانن ئەوەش جێی ئاشکرایە، ئەمما چۆن بە دڵ موتتەحیدن؟ لە ڕێی ئیستخدامەوە گوڵ ئەوەی تریش گوڵچەهرە لە ناو لەفزی گوڵ چەهرەدا گوڵەکە مەوجوودە گوڵەکە جوزئێکە لە گوڵچەهرەکە بۆیە هەردووکیان موتتەحیدن تێدەگەی؟

*** بەڵێ... بەڵێ وایە.**

- دیقەت بدە؟

*** بەڵێ مەگەر هەر لە خۆی بوەشێتەوە ئەم هەموو هونەرە.**

- ئینجا منیش (٣٠ سی) ساڵە نەمدەزانی بە خودای هەمووی چوار پێنج مانگە لێم کەشف بووە هەر لە فوجئەتەن لە بۆم هات... یەکێکی لەوەت موهیم تر پێ بڵێم بە داخەوە نەختێکیش با برێین (بێ پەردەیی) تێدایە فەقەت موناسەبە لێم داوا دەکا چونکە بڕوا ناکەم لەوە داخراوتر بەیت هەبێ دەڕێ:

«من گوتم سەروی قەدت مەوزونە ئەو تەبعەم هەیە

ئەو گوتی نالی بە میزابی کینایەتمان دەشۆی»

قوربان ئەڵێ من وتم سەروی قەدت مەوزونە..

سەروی قەدت ڕێکوپێکە بۆیە ئەمن ئەم تەبعە ناسکەم هەیە، ئەویش دەرێ نەخێر نالی ئەتۆ بە میزابی کینایەتمان دەشۆی... ؟ کینایەتەکە بە میزاو شوشتنەکە لە چی دەردەکەوێ..؟ کە دەرێ سەروی قەدت مەوزونە، مەوزون هەم بە مەعنا ڕێکو پێک مەوزون سەری قەدەکەت سەرو مەوزونە یەعنی وشە هەیە هاو وەزنی ئەوو، هەر چۆن دەڵێی (پار) هاو وەزنی ئەو (دار) مەوزونی (پار)ە جا مەوزونی (سەرو) لە کوردیدا من دوو کەلیمەم هاتە پێش لە حەقیقەتدا کەلیمەیەکی (د. کەمال مەزهەر) وتی (گەرو)

لەگەڵ (دەرو) ئەم دووە هاو وەزنی (سەرو)ن گەرو عەلاقەی بە لەشەوە بە قەدەوە نییە، خاسەتەن نیوە بەیتی دووەم (کونە) گەروەکە فرێ دەدا دەمێنێتەوە (دەرو) دەرو کەلێنە (کونە) ئینجا قەدی سەرو کونی پێوە بێ قەدی سەرو کە کونی تێدا بێ... لە نیوە بەیتی دووەمیش کچەکە بڵێ بە (میزاب)یش بە میزابی کینایەتمان دەشۆی، میزاب لە کوێ دەردێ بۆ خۆت بزانە (بە پێکەنینەوە) تێگەیشتی یان نەء؟ یان ماویەتی تێت بگەیەنم؟

*** وەڵڵاهی ماویەتی جارێ.**

- ماویەتی: لە قەدی سەرو (کەلێن)ی تێدا بێ لە لەشی ئافرەت.

*** بەڵێ.. بەڵێ بەڵێ چاک تێگەیشتم.**

- ئافرەتەکەش بڵێت بە میزاب دەمانشۆی (میز) لە کوێ دەردێ؟... ئینجا پێم بڕوا بکە ئەمە لە سیحر سیحرترە.

*** بەڵێ وەڵڵاهی ئەمە مەگەر هەر جەنابت ڕێی پێ ببات.**

- بڕوا بکە لە منیش زیادە فەقەت بۆم هات وەک بڵێم عەقڵی باتن حەلی کرد.

*** بەڵێ باوەڕ ناکەم تاکو ئێستا هیچ کەسێک حەلی کردبێ.**

- منیش... دەرێم بە بێ ئەوەی مەتحی خۆم بکەم پێم بڕوا بکە هونەری خۆم نییە هونەری باتینەکەمە یەعنی من بە لێکدانەوەی ئەوها مەند و مەستورانە حەلم نەکردووە.. خوا دەیزانێ هەر فوجئەتەن بۆم هات سورەتەکە فوجئەتەن هاتە پێش چاوم.

*** ڕاست ئەفەرموویت.**

- جا لەو بابەتانە شیعری وای هەیە مامۆستا گەلەک گەلەک... زەحمەتە خەرک بیزانێ جا ئێستا لزوم ناکا بە دوا نموونەی تر بکەوین... چونکە یەکجار زۆری هەیە فەقەت ئەو دوو نموونەم عەرز کردی کە... ئ.. با شتێکی ترت پێ بڵێم.

*** فەرموو.**

- دانیشتبووم لە جێیەک وا بزانم مامۆستا (فوئاد عارف) عەمەلیات کرابوو... کۆمەڵێک بوین ئینتزارمان دەکرد بێتەوە لە عەمەلیات و شتێ وا باسی (نالی) کرا. گوتم من سوئالێکتان لێ دەکەم (نالی) کە دەرێ

«بە مەرگی تۆ قەسەم زاهید هەموو عومرت عبورێکە
مەکان و مەنزڵی ئاخرت لە کن جەمعی قبورێکە»

ئەو بۆچی سوێند دەخوا بە مەرگەکەی بۆ نارێ بە حەقی خوا بە حەقی پێغەمبەر بە حەقی قورئان بە حەقی نازانم چی.. وتیان ئاخر ئەوە سوێندە! وتم دەزانم فەقەت بۆ دەرێ بە مەرگی تۆ؟ لەوێ... لەوێ سرێک هەیە، چونکە کە گوتی بە مەرگی تۆ یەعنی کە بە مردنی تۆ یەعنی دیارە دەچێتە ناو قەبر لەگەڵ سوێندەکەی دەلیلی قسەش هەیە یەعنی سوێندەکە ئیسپاتی قسەکەی خۆیەتی کە مەرگەکە پەیدا بوو هەروەکو سوێندە هەربەتە بە مەرگی تۆ قەسەم زاهید هەموو عومرت عبورێکە یەعنی تێپەڕی عومرەکەت کە مردی عومرەکەت تێپەڕی هەروەکو سوێندە ئیشارەتیشی بۆ کرد بە مەرگت عومرەکە تێپەڕی مەکان و مەنزڵت ئاخر لێ لە کن جەمعی قبورێکە، ئیتر ئەوە.. ئەوە (نالی)یە
١ سوێندەکەی عیبارەتە لە ئیسپاتی قسەکەی خۆی، ئینجا لەو بابەتانە تەبیعی شیعری نالی شتی وای تێدایە، بەس هەندێکی هەتا ئێستاش لە بۆ من نەکراونەتەوە، بڵێم: هەمووم کردۆتەوە... ! نەخێر ڕەنگە قسمێک لەوانە خەتای ئەو کەسانە بێ کەوا نووسیویانەتەوە، کە وتەکانیان نووسیوەتەوە.. ڕەنگە خەتای ئەو کەسانە بێ کە شتەکانیان نووسیوەتەوە غەڵەت نووسیویانە، چت پێ برێم شت کە غەڵەتی تیا بوو قابیل نییە خاسەتەن لە شیعری وەکو نالی.

*** ببوورە مامۆستا**

هەڵویستێکی گرنگ لە ژیانی فەرمانبەری و پلەو پایەت؟ یان خزمەتێک بە کۆمەڵ ئەگەر بۆمان باس بکەیت؟

- مامۆستا ئەمن فەرمانبەری یەعنی نازانم چۆن قسەکانم شتی وای لێ دابڕم ئەمن وەکو برێین بوومە حاکم بوومە نائب بوومە نازانم چی، بوومە وەزیر ئەمن قەت نەگۆڕام لە وەزیفە ناتوانم بگۆڕێم تەنانەت ئەوەت چێ بڵێم بەعزێک لە منتەسبی سەفارەتەکان، ئەمن بوومە وەزیر جا هەندێکیان هاتوچۆیان دەکردم کە بوومە وەزیر ئینجا وتیان لە ئوتێلی بەغدا دێینە لات

وتم: کاکە لە عەینی ئوتێلی جاران کە دەهاتنە لام هەر لەوێم وە ئەوە ئەو ئوتێلەیە کە بە تەڵەبەیی تێیدا ژیاوم هەر لەوێ دەهاتنە لام ناتوانم بگۆڕێم مامۆستا ناتوانم شەرم

دامدەگرێ دەتوێمەوە کە تەسەور بکەن، ئەمن لە خۆ دەرچووم یا بە مالّی دنیایە یا بە مەقام و بە مەنسەب من گەشە دەمگرێ خوا دەیزانێ ئەو شتانە لای من بایی فلسێکن هەر هیچ هیچ نین.

من کە وەزیر بووم دەرگام کردبووەوە لە بۆ هەموو ئینسانێکی کە لەو عێراقە خوا خەلّقی کردوە بە بێ (دق الباب) دەهاتنە ژوورێ ئینجا ئەخیری پێیان وتم بابە ئێمە تۆ شتێکمان بۆ دانێ بە پێی نیزامێک ئیشمان هەیە گوتم خۆتان داینێن ئەمن بە کەس نالّێم برۆ دەرێ بە کەس نالّێم مەیە ژوورێ هەتا نەدەچونە ژووری سکرتێر..! لە ئیستعلاماتی دەرێوە کە دەیانگوت دەچینە لای فلانی رەئسەن دەهاتنە ژوورێ ئاخری خۆیان وتیان رجا دەکەین تەرتیبێکمان لە بۆ دانێ هەتا بتوانین قسە بکەین، سەفیر دەهاتە کنم ئینجا خوا عافوی بکا (سەعادەت عەلی خان) پیاوێکی زۆر موحتەرەم و رێکوپێک بوو زۆریش دۆستم بوو کە هات خەرکەکە تەبیعی چوونە دەرێ، کابرایەکی کۆیی نەجارِ بوو پێش ئەوەی سەفیر بێت دوو جاران هاتە لام، هەروا تەماشا دەکا بزانە دونیا چ باسە دنیای وەزیران و نازانم چی... وەختەکی سەفیرەکەش هات سەلەنەوە دەرکەی کردەوە وتم کورِی بابم میوانم هەیە ئەوجار جاری سێیەم دەرگەکەی پێوە داوە من پەردەی تاوان و نازانم چی و ئەو شتانەم بە عومری خۆم نەبووە هەر شەرمی لێ دەکەم. هەتا ئەو سالّی (جەلال تالّەبانی) مامۆستا جەلال تالّەبانی لێرە قەول وابوو لەگەر حکومەت رێک بکەون دەگەرِا لەوەی کێ بێتە وەزیر و نازانم چی، ئەمن لێرە دانیشتبووم گوتم لە بۆ خزمەتی کوردایەتی فەراشیش دەکەم فەقەت ئەو جلکە وەزیر لەبەری دەکەن بشمکوژن لەبەری ناکەم ئەمن ئەو شتە بە خۆوە بە خۆم رەوا نابینم، ئەو شتە عەنتیکەی بەو شتە عەنتیکەی سەیر دەردەچم نازانم چونکە خۆم پێکەنینم بە خۆم دێ ئەو جلکە لەبەرکەم، من ئینسانێکم... یەعنی بەو ئیمانەوە موستەریحم کە گەورەیی کچکەیی ئەو شتانە لە کنە من هیچ نییە ئەو حیسابانە ئیبداعەکە مومەیزە ئینسانێک مویدیع بێت بە لامەوە زۆر موحتەرەمە ئەوەی خێرەومەندە بە لامەوە زۆر موحتەرەمە لەوە بەولاوە تەمیزێک نییە خوا دەزانێ پێم برِوا بکە.. پێم برِوا بکە کە فەقیر دێ داوای نان دەکا وە ئەو نانەی بە دەستی خۆم لە بۆی

دەبەم لەگەڵ فرمێسکم وەڵڵاهی بە قبری بابم بە هەموو دەزانم حەقی هەیە لە حەقی خۆی من نانەکەی خۆمی دەدەمێ، مادام نانم هەبێ بیدەم بە خەرک برسییە چ فەزڵی منی تێیدا نییە کە دەیدەمێ وە ئەوەشت پێ دەرێم خۆ هەڵکێشان نییە لە منەوە هەر بۆیە هیچم نییە یەعنی خانووم نییە هیچم نییە، یەعنی وەزعی مەعیشەتم نییە ئەگەر قەڵەمەکە یارمەتیم نەدا ئەوەیە قسەکە.

*** خوێنەری ئازیز دەبینێ مامۆستا (مەسعود محەمەد) هەر وەکو خۆی فەرمووی گەیشتە پلەی وەزیری بەڵام هەتاکو ئێستا ئەم خانووەی کە تێیدا دائەنیشێت بە کرێیە..! بەرپرسارانی ئەمڕۆش واتە (مەسئولەکان) لە خوار و لە ژوور لە ماوەی چەند مانگێکدا دەبن بە خاوەنی هەموو شتێ...**

مامۆستا تۆو کۆڕی زانیاری کورد و دەورت لە دانای وشەو زاراوەی کوردی؟

- قوربان... کۆڕی زانیاری کورد تەبیعی هێلانەیێ بوو بۆم پڕ بە پێستی خۆم، وە ئەوەی کە لەوێ بوم چ قسورم نەکرد لە نووسین و لە جێبەجێ کردنی ئەو ئیشانەی کە ڕووی تێدەکردم لە خەڵکەوە، لە لایەن وشە و زاراوە و ئەو شتانەوە من لە کۆڕ لە لجنەیەکدا بوم.. زاراوەی دادەنا دەوری هەزار و کسور زاراوەمان دانا بە کۆمەڵ، دواتر.. پاش دەرچوونم لە کۆڕ و ساڵەها لە زەمانێکی کە (مصلح جەلالی) مودیر عامی...

*** دەزگای ڕۆشنبیری...**

- ئا ئەوە بوو لێم داوا کرا کە بە حەقیقەت لە سێ کەسان داوا کرا کە مەقال بنووسن لەسەر زاراوەی پێوانە یەعنی (مصطلح القیاسی) داوا لە من کرا... لە (عبد الرزاق بیمار) کرا لە مەرحوم (د. کەمال بصیر) کرا٠ئەوان سەرو مقالێکیان نووسی لێبوونەوە مقالەکەشیان تەبیعی وا دەزانم هەر بە ئەسڵ ئەوە داوا کرابوو کە ئەوان کردیان فەقەت ئەمن مەقالی یەکەمم دەوری سەدو کسور سەحیفە دەرچوو

*** بەس مقالی یەکەم**

- مقالی یەکەم، حەلەقەی دووەم ئەویش سەدو کسور دەرچوو، سێ حەلەقەم نووسی نزیکی (سێ سەدو پەنجا.. چوارسەد) سێ سەد و لە سێ سەدو پەنجای تێپەڕاند.

مەوزوعێکی ترشیم هەر سەر بە زمان دەگەڕێتەوە بۆ ئاڤێستا و کوردی کۆن و چی و ئەو شتانە، کتێبەکە لە چار سەد سەحیفەی تێپەڕاند من ئەو کتێبی زاراوەی پێوانەی من وا تێدەگەم یەکەم کتێبە بە کێشانە و پێوانە دەستی درێژ کردبێ بۆ داڕشتنی زاراوە ئێستا مەسەلەن من شتێکت پێ بڕێم.

*** فەرموو**

– کە دایانناوە بۆ (ضمیر) دایانناوە (ڕاناو) ئاخر کوڕی بابم ئەو (ڕایە) پێشگری فیعلە نەک پێشگری (اسم) لە هیچ مەزهەبان دروست نییە ئەتو بە (ضمیر) بڕێی (ڕاناو) جا بۆ نارێی ڕاپشیلە بە.. (جرج) برێ ڕاپشیلە بە.. (گیا) برێ (ڕادرەخت) مەسەلەن ئاخری (ڕا) پێشگری فیعلە کە دەرێ ڕا هات و ڕا ڕۆی و...، ئەم زاراوەیە گوناحە بە مل ئەو کەسەوە کە دایناوە. دەبایە شتێکی تر بێ ئێستا جێناوەکە چاتربوو کە دەرێن (جێناوو) ئەمما ڕاناو بە هەموو زمانان بە هەموو دینان هەر کفرە لە زماندا جەنابت ئەبێ ئەو کتێبەت نەدیوە زاراوەی پێوانە...

*** بەڵێ بەڵێ خوێندوومەتەوە**

– لە ئەوروپاوە خەبەرم بۆ دێ کاغەزم بۆ دێ لە تەرجەمەی بەعزە شتان بۆ سەر کوردی ئیستفادەیان لە کتێبەکەی من کردووە، زۆر موستەلەحی ئێستا کە دەبینم لە نووسینی بەعزێکیان لەو کتێبەیان دەرهێنانەوە کە من...

*** کە تۆ نووسیوتە.**

– کە نووسیومە یەعنی (٤٤٠) چوار سەدو چل سەحیفەیە، نازانم چوار سەدو چەندە لە چوار سەدی موتەجاوزە.

*** مامۆستا گیان تۆ و فۆلکلۆر بۆچوونت بۆ ئەم لایەنە حەز ئەکەین کەمێکمان بۆ باس بکەیت؟**

– نازانم جارێکیان برادەرێک لە من لەسەر فولکلۆر داوای کرد و شتێکم بۆ نووسی بڵاویش بووەوە لە (بەیان) نازانم چی.. جا تۆ ئەوەت خوێندۆتەوە

*** بەڵێ لە گۆڤاری بەیان.**

- خوێندووتەوە.. جا ئەگەر خوێندووتەوە تێم دەگەی چم نووسیوە.. بۆ لێم دەپرسی؟

*** ئاخر مامۆستا بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن... ئێمە داوات لێ دەکەین بۆ خوێنەر**

- ئاخر مامۆستا ئێستا من نازانم لەو نووسینەم چیم وتووە ئەترسم قسەیەک بکەم (بە پێکەنینەوە) موخالیفی کۆن بێ.

*** نا مامۆستا گیان ئێمە هەر حەز ئەکەین بۆچوونت بۆ فۆلکلۆر وە چۆن ئەڕوانیتە ئەم لایەنە؟**

- مامۆستا فۆلکلۆری هەر میللەتێک لە مستەوای سەقافەتی لە مستەوای پلەیەکی ژیار- ژیار یەعنی حەزارەت.

*** بەڵێ وایە**

- حەزارەت فۆلکلۆر دروست دەکات، هەڵبەتە کابرایەکی سەحرانشینی بڵێین خێوەتێکی شڕ لەگەڵ دوو بزنان... فۆلکلۆرێکی دەبێ لەگەڵ ئەو مستەوایە بڕوا هەڵبەتە لە وڵاتێکی موتەمەکنی نازانم چی فولکلۆر هەر هەیە نـ ـقەت زۆر جودایە فولکلۆری موجتەمەعی بەرز لەگەر موجتەمەعێکی بیدائی، کورد کە هەرچەند بە درێژایی تاریخ دەوڵەتی نەبووە بەڵام بۆی ڕێککەوت.. کوردەکە لە پاش هاتنی ئیسلام، کە ئیسلام هات ساسانییەکان وەکو کورد بوونە مەواتینی دەرەجە دوو لە زەمانی ساسانییەکان کە ساسانییەکان لە ئاسمان بوون کوردەکە لە دەرەجە پێنج و شەش بوو، یەعنی کوردەکە هیچ وجوودی نەبوو هەرچی موئەسەساتی حکومی هەیە هەرچی موئەسەساتی دینی هەیە هەمووی هی فارس بوو هەتا ئەگەر بە ئەسڵ (زەردەش) کورد بێ بە زمانی کوردی (ئاڤێستا) نووسرابێ کوردەکە لەوەش بەری ما لەوەش بێ... پشک ما هەمووی بووە هی فارس، کە عەرەب هات فارسی دابەزاند لە حوکم فارسەکەش وەکو کورد بووە برا گچکە، کوردەکە تەرفیعی کرد ئینجا دەبینی لە پاش هاتنی عەرەب بە ماوەیەک ناوی رەئیس عەشیرەتی کورد ناوی ئەمیری کورد دەبێ لە ماوەی دەوری هەزار ساڵدا ناوی کورد نەهاتەوە مەگەر ئەوەی دە هەزارەکەی لێرە ڕۆیشتنەوە لە بۆ یۆنان ئەوان لە ڕێی توشی کوردا بون ناوەکی کورد هاتووە دەنا ناوی کورد نییە لە تاریخ، پاش هاتنی ئیسلام کورد

ناوی پەیدا کرد هەرچەندە دەوڵەتی پەیدا نەبوو فەقەت ئەو سەقافەتی زەمانی عەباسیان کە عیبارەت بوو لە سەقافەتی هەموو سەردەم، یەعنی ئەو سەقافەتی لە لوغەتی عەرەبیدا بەخۆیەوە گرت ئەوە مۆدێلی ئەو زەمانە بوو کە لەوە لە پێشتری نەبووە، دیانیەکان عیسەوییەکان کتێبەکانیان لە کن بوو فەقەت دایاندەنا بە کتێبی ئەڤەری، تەماشایان نەدەکرد ئەو وەختانە خەلیفەکانی عەباسی دینایی بوون نەک*... تکایە پەراوێزی لاپەڕە (٣٦) لەبیر نەکرێ.

*** مامۆستا ئەتەوێ چ بڵێیت بە تازە قەڵەم بەدەستانی گەلەکەت لە مەیدانی زانیاری و ئەدەب و مێژوو و ڕۆشنبیری بە گشتی؟**

- کاکی خۆم باشتێکت پێ بڵێم.

*** فەرموو!**

- ئەوەی پێی دەرێن نەسیحەت و پەندو نازانم چی پێم بڕوا بکە هیچی فایدەی نییە کەس بە قسەی کەس ناکات، با ئەمن حیکایەتەکت لۆ بکەم نەختێک پێکەنینیشی تێدایە...

*** فەرمووو قوربان**

- گوایە دەورەمەندێکی ملیۆنێر خاوەن فابریقە و مەسالیحی زۆر گەورە دەیەوێ سکرتێرێک... سکرتێرەیەک کچەک بکا بە سکرتێری خۆی بە دوا زانایەکی سایکۆلۆجیدا دەنێرێ دەرێ کچێکم بۆ ئینتخاب کە بە کەڵکم بێ بە کەڵکی ئیشەکەم بێت، ئیعلانێک دەکەن سێ کچ دێن بۆ سکرتاریەت کابرای سایکۆلۆجیست.. سایکایەتیست با بڵێین... سوئالێک دەکا دەرێ: یەک و یەک دەکا چەند؟

*** بەڵێ لە کچەکان دەپرسێ؟**

- ئاسوئال لە کچەکان دەکا و یەک و یەک دەکا چەند؟

کچێکیان ڕاست و ڕەوان بە بێ گرێ دەرێ: (یەک و یەک دەکا دوو). دووەمیان دەرێ: (یەک و یەک دەکا یازدە) چونکە یەک و یەک، دوو یەک لە تەک یەکبن دەبتە یازدە.

*** بەڵێ وایە.**

- کچی سێیەم گوتی: «ڕەنگە دوو بێ ڕەنگە یازدە بێ... ) وای وت، چووەوە لای کابرای ساحێب مەسرەحەت گوتی: کچی یەکەمیان ڕاست و دروست و بێ گرێیە، کچ دووەمیان زۆر بیرە میشە کچی سێیەمیان موتەرەددو شەکاکە... چیهانیانت دەوێ؟ گوتی: ئەوەی چاوی شینەو قژی کاڵە ئەوەیانم دەوێ

*** وەڵڵاهی باش بۆ چووە**

- کوڕە بۆچوونی چی؟ ئینجا من بە گەنجی کورد بڵێم وەها بکە و وەها مەکە، جارەک پێش هەموو شتێک ئەگەر ئیمکانیەتی نەبێت بە قسەم بکا هەر فایدەی نییە، وە ئەگەر ئیمکانیەتی هەبوو ئەو شتانە جێبەجێ بکا پێم بڕوا بکە ئەوی لە دری خۆیدایە ئەوەی دەکا ئەوەی من پێی دەڕێم نایکا...

بەڵام من یەک شتی بەسیت دەڵێم کە چ تەکلیفی تێدا نییە کە دەڕێم تەکلیفی تێدا نییە تەماشای جێگایەکی دوور دەکەم گەنجی کورد نەک لەبەر ئەوەی کە دەبێ زێدە لە گەنجی کائینات پیاو بێ و مەرد بێ و ئازا بێ و.. نەخێر لەبەر ئەوە نییە، فەقەت چونکە، میللەتەکەی یەکجار... موحتاجە لە هەموو بەشەرییەت بگری یەک دوو میللەت ئەوە هەنە وەکو کورد کە تا ئەو پەڕی زەدەیی زەبون بن جا چونکە میللەتەکەی لەو پەڕی پەژارەیی دایە... مەرد بێ لە کوردایەتی هەر ئەوەندەی لێ داوا دەکەین.

*** مەرد بێ لە کوردایەتی؟**

- بەڵێ مەرد بێ لە کوردایەتی چونکە کورد موحتاجی هەتا پێشکە و مێشکە و تێشکە و ئەوانەشە، کەسی نییە لەم دونیایە دونیا هەموو دوژمنێتی دەورە دراوە لە دوژمن لە هەموو کائینات،... لە جێیەکی گیسکێ کلکی دەگەزن هاوار دەکا دونیای لە بۆ ڕاست دەبێتەوە.. هەزاران هەزاران کورد بە جارەکی دەکوژرین هەر کەس نارێ ماڵی لە کوێیە... چییان لێ بەسەر هات؟

ڕجام لە گەنجی کورد ئەوەیە هەرچی دەکا بە کورد.. بۆ کوردی بکا، ئەوجا کەمە زۆرە من نارێم خۆ بکاتە قوربانی... فەقەت ئەوەی لە دەستی دێ و ئەوەی توشی تەهلوکەی

ناکا له بۆ کوردی بکا، کوردەکەش باوکێتی دایکێتی خوشکێتی خۆیەتی.

*** بەڵێ گەلەکەیەتی.**

- ئا ناچێتە کیسەی خەڵکی تر، هەموو ئامۆژگاری من.. ئێستا پێی ناوێ بڵێم روباعیاتی خەیام تەماشا کەو تەفسیری قورئان لە بۆ. . نەخێر ئەوانەی هیچی لێ داوا ناکەم من هەر ئەوەندەی پێ دەڵێم : (پیاو بەو کورد بە) چیتر ناهیچی تری لێ داوا ناکەم.

*** ببوورە مامۆستای بەڕێز دوا وتەت یان شتێک بتەوێ بڵێیت و ئێمە لەو بارەیەوە نەمانپرسیبێت**

- وەڵڵا مامۆستا چت عەرزکەم؟

خۆ دنیا پڕی لە مەسائیلی ئەو تۆیە قسەی لێ نەکراوە فەقەت زۆریش درێژەی کێشا قسەکانمان ڕەنگە تۆشی پێ سەغڵەت بوو بێ وەختی ئێستکەشی پێ بکوژین

*** نا بە پێچەوانەوە.. ئارەزووی خۆتە. قوربان**

- بڵێین چی بە ڕاستی هیچ شتێکم نییە لە لای خۆمەوە بڕێم کەڵکێکی هەیە و ئەو خەرکە گوێ دێرم بێ ئیستفادەی لێ بکات تەنها هەر ئەوەندەی دەڕێم ئومێدی چاکەم بۆیان هەیە ئەوەندەی پم بکرێ لە دەسەڵاتمدا کە زۆر کەمە دەسەڵاتی مِن زمان و قەڵەمە ئەوەش بڕوا بکە لە خۆم زیاتر یەعنی لە توانای خۆی زیات بە کاری دێنم وە بڕواش دەکەم لەگەڵ خۆم ڕاست گۆ بم و لەگەڵ خەرک یەکجا ڕاست گۆ بم ئەمن ڕۆژێ لە ڕۆژان فێڵم لە کەس نەکردووە قسەیەکم نەکردووە کە بۆ خۆم بڕوام پێی نەبوبێ بە چاکم نەزانیبێ هەر ئەو قسانەم هەیە و چی ترم نییە و دوعاخوازیان لێ دەکەم و ئەگەر مومکینیان بوو قسەی خراپم پێ نەڕێن و ناڵێم مەحکم بکەن (بە پێکەنینەوە) چونکە ئەلحەمدولیلا.. ئەلحەمدولیلا وا بزانم تاهیر بەگ دەڕێ: ( سەد شوکری خودام مەرکەزی سەد میحەنەتی دەردم، وا تێمەگە لەم دائیرەی چەرخە بیریم) ئەلحەمدولیلا هێندە ناحەزم هەیە کە لزوم ناکا ئیسانی بێ تەرەفیش ناحەزم بێ ئەوەی بێ تەرەفە ناحەزی لەگەرم نەکا هەر ئەوەندەم دەوێ و هیچ تر.

**- زۆر زۆر سوپاس مامۆستا گیان بە هێوای لەش ساغی کامەرانیتین.**